ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی

دیدێکی ئیسلامی هاو چەرخ

ئەبوبەکر عەلی

بەرگی دووەم



15906

Preview sample - page 1 of 11 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب | ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی خوێندنەوەیەکی مەیدانی
نووسەر | ئەبوبکر عەلی
دیزاین | خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ | ناگری بالەکی
تیراژ | ١٠٠٠ دانــە
چاپ | چاپخانەی رۆژهەلآت / هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی | ١١٨٢ | ساڵی ٢٠٠٨ ی
پێ داوە

Preview sample - page 2 of 11 - Soran University Academic Digital Library

پێرست

فەسڵی یەکەم: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی خوێندنەوەیەکی مەیدانی.. ١٢

فەسڵی دووەم: کوردو گرەوکردن لە سەر هەڵوێستی ئەمریکا، سەرنجێ
لە پەیوەندییەکانی کوردیی ـ ئەمریکی و ڕەنگدانەوەکانی.. ٧٣

فەسڵی سێیەم:
ناسیۆنالیزم ، دیموکراسی ، عەقڵانیەت و ڕۆشنگەری... ١١٩

فەسڵی چوارەم: کورد و ناسیۆنالیزمی کوردی لە دوای ناپدۆڵۆژیادا.. ١٣٨
- ئەنفال..پرۆسەی بەشتومەککردنی مرۆڤی کورد.. ١٣٨
- کوردو عەلمانیەت، ئەزمونێکی تاڵ و واقیعێکی تراژیدی.. ١٦٢
- هەڵەبجە لەدۆزەخی ناپدۆڵۆژیادا: ١٨٢
لە بەعسیزمەوە تا عەلمانیەت و ئیسلامیی بە ناپدیۆلۆژیاکراوی کوردی ١٨٢

فەسڵی پێنجەم: ئیسلام و ئیسلامییە کوردەکان و ناسیۆنالیزمی کوردی،
لە پرسێکی بە ناپدۆڵۆژیکراوەوە بۆ خوێندنەوەیەکی ناسیۆنالیستانە ١٩٥
- لەمەڕ ئیسلام و ئیسلامیەکان و ناسیۆنالیزمی کوردی.. ١٩٥
-کێشەی کورد ، لە نێوان (ئەتەوەیی بوون) و(ئیسلامی بوون) دا ٢١٤

فەسڵی شەشەم: ڕێگای سێیەم ، ناسۆیەکی تر بەرووی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.. ٢٢٣
-لە حوکمی ناپدۆڵۆژیاوە بەرەو دەسەڵاتی خەڵک.. ٢٢٣
- پێگەی ئیسلام لە ڕەشنوسی دەستوردا، مەسەلەی فرە ئاینی لە کوردستاندا.. ٢٢٣
-نەگۆڕەکانی کۆمەڵگا، چوارچێوەیەک بۆ سەقامگیری و دەرفەتێک بۆ بەیەکەوە ژیان.٢٤٩

Preview sample - page 3 of 11 - Soran University Academic Digital Library

فەسڵی حەوتەم: لەسیبەری ناسۆنالیزمی کوردیدا ٢٥٧
-لە ڕەنگدانەوەی هاوچەرخەکانی چەمکی نیشتمانپەروەرێتی ٢٥٧
-کۆمەڵگەی کوردی، لەنێوان ستەم لێکردن و بێ قەوارەییدا ٢٦٧
- مانایەکی تر لەسەردێمی خەباتی کورد بۆ دەستخستنی کەسێتی نێودەوڵەتی ٢٧٧
-بزوتنەوەی ڕیفراندۆم و سروشتی سەرەتاکانی.. ٢٨٧
-ڕاپرسی (ریفراندۆم) لەنێوان سەرەتاو چوار چێوەکانی کارکردندا ٢٨٩
- شوێن و بایەخی ریفراندۆم، لەژیانی سیاسی و نێستاو ئایندەی کوردستاندا ٢٩٢

فەسڵی هەشتەم: کەرکوك زامە قوڵەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی و جەوهەری
کێشەی کورد لە عێراقدا ٢٩٦
- جەوهەری کێشەی کەرکوك ، دواندنێکی عەقڵی نەمریکی. ٢٩٦
-نەخشەی ڕێگا، بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)و گێڕانەوەی
کەرکوك و، ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستاندا.. ٣٠٩

Preview sample - page 4 of 11 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ئەم کتێبە ئەنجامی دوورەمی زنجیرەی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردییە. بەجۆرێ لەجۆرەکان تەواوکەری ئەنجامی یەکەمە. لەخۆگری چەند فەسڵ و کۆمەڵێ بابەتی جۆراوجۆرە کە هەریەکەیان بەحوکمێك و لەگۆشەیەکەوە دەچنە ناوبازنەی ناسیۆنالیزمی کوردی و مەسەلەیەکی ئەو تاوتوێ و چارەسەر دەکەن. لەناونیشانی کتێبەکەوە دیارە کە بەشی زۆری فەسڵ و بابەتەکانی بۆ خوێندنەوەیەکی مەیدانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی تەرخان کراوە. واتە سەیری کۆسپ و کێشەو ئیشکالیەت و سروشت و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمەکە لەناو میژوودا کراوە. خوێندنەوەی میژوویانەی لەم جۆرەش دروشم و خۆمۆبیلیزەکردنی هێزە ناسیۆنالیستەکان ملکەچ دەکات بۆ پێدراو و ڕەنگدانەوەکانی میژوو. خوێندنەوەی میژوویانەی بزاڤ و ئایدیاو فکرێك لەمێژوودا کە نوسەر بەخوێندنەوەیەکی مەیدانی گوزارشتی لێداوەتەوە زەمینەی بەخۆداچوونەوەو گەشانەوەی بیری ڕەخنەگرانە خۆش دەکات. هەڵبەت لێرەدا مەسەلەیەك جێگای سەرنجەو نابێت لەبیری هەموو لایەك بچێت، ئەویش ئەوەیە کە وروژاندنی مەسەلەی خوێندنەوەی مەیدانی سەبارەت بەبزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد واتای سەلماندنی ئەوە نیە کە ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر ناستی تیۆری و فکریدا بێکێشەیە و جەوهەری کێشەکە لە پراکتیکدایە نەك لەفکردا. هەروەك مارکسیەکان و ئیسلامیەکانیش ئەم جۆرە پاساوە بۆ شکستی ئمونە مەیدانیەکان دێننەوە. بەخوێندنەوەی فەسڵەکانی کتێبەکەو کۆمەڵێ کتێب و توێژینەوەی زانستی نوسەرانی تر لەم بارەوە بەجوانی ئەوە دەردەکەوێت کە بەشێ لەم گرفتانە سەرچاوەکەیان ڕۆشن نەبوونی دیدی فکری و لاوازی پێکهاتە فکرییە ناسیۆنالیستییەکوردیەکەیە. لێرەشەوە خوێندنەوەی مەیدانی و میژوویانە دەبێتە ئاوێنەی دەرخستنی بەشێ لە ناتەواوی و کەموکورتییە تیۆریەکان. لەڕاستیشدا ئایدۆلۆژیاو جەبرە سیاسییەکان لەڕووی

Preview sample - page 5 of 11 - Soran University Academic Digital Library

مێژوویەوە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە ڕێگرتن لەهاتنەدی دیدێکی ناسیۆنالیزمانەی فکری تۆکمەتر.

ئەم کتێبە بەشداری کردنە لەو بانگەشەیە بۆ نوخبە فکری و سیاسییەکە کە لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و مەیدانی بەخۆیدا بچێتەوەو دیدێکی نوێ سەبارەت بەئەرکی ناسیۆنالیستەکان لەبەر تیشکی گۆڕان و ئالۆگۆڕەکاندا بنیاتبنێ و چی‌دی‌تر دیلی دەستی قەناعەت و بۆچوونە کۆنەکانی نەبێت چ جای ئەوەی هەوڵدات پیۆزیی بەبەشێ لەو قەناعەتانە بدات و بیانکات بەبەشێ لەمیراتێکی شۆڕشگێڕانەی بەشکۆی دەست لێنەدراو. بێنەوەی ئەمە مانای کوشتنی هەستی مێژوویی ناسیۆنالیستانە بێت.

هەر لەم گۆشە نیگاوەیە نوسەر فەسڵی یەکەمی کتێبەکەی خۆی تەرخان کردووە بۆ دەستنیشانکردنی بەشێ لەو کێشەو گرفتە حەڕەکیانەی ناسیۆنالیزمی کوردی بەدەستیانەوە دەنالێنێ و کاریشیان کردۆتەسەر ئاستی کارایی و ئەنجامدانی ئەرکەکانی. لەم لێکۆڵینەوەدا نوسەر گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و تایبەتمەندییەکانی ئەو سەرەتایەو ئەو داببڕانەی لەچلەکانەوە لەناستێکدا لەگەڵ هەناسەکانی ئەم قۆناغە ڕووبەڕووبەدات. نوسەر لەڕوانگەی ئەو تیۆرە هاوچەرخانە ناسیۆنالیزم لێکدەداتەوەو ئەرکەکانی بزاڤێکی ناسیۆنالیستی ناسیۆنالیزمی کوردی خوێندۆتەوەو دەستنیشانی بەشێ لەو ڕەگەزە دژی ناسیۆنالیزمانە کردووە کە لەخودی بیری کوردایەتی و بزاڤ و هێزە سیاسییەکانیدایە. هەروەها ناماژەی بەهەندێ خەسڵەت کردووە کە لەماوەی ڕابردوودا ئەم ناسیۆنالیزمەی پێناسراوەتەوە. لەوێنەی ڕاڕاییبوون، نانومێندی، لەسەر خاڵێکی جەوهەریش وەستاوە کە پێوەرێکی سەرەکییە بۆ دەستنیشانکردنی کارایی هەرناسیۆنالیزمێك کە ئەویش توانای کۆکردنەوەو کێش کردن و یەکیەتی خوازییە.

فەسڵی دووەمی کتێبەکەش خوێندنەوەی ڕوێکی تری خۆنمایشکردن و مەیدانی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردییە کە ئەویش لە پەیوەندییەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەمریکادا بەجەستە دەبێت. نوسەر لەم فەسڵەدا ناماژەی بە

Preview sample - page 6 of 11 - Soran University Academic Digital Library

بەشێ لەسەرەتاکان و سروشتی ئەو پەیوەندیانەو هەڵگشان و داکشانەکانی کردووە. ئەم بابەتە بەماوەیەکی زۆر کەم پێش هەڵگیرسانی جەنگی کەنداوی سێهەم نوسراوەو گەیەنراوە بەدەستی بەشێ لە بڕیار بەدەستانی کوردیش. ئەم بابەتە لەبەشێکیدا ناماژە بە مامەڵەیەکی دژی ناسیۆنالیستانەی هێزە کوردییەکان دەکات لەگەڵ ئەم پەیوەندیانە. ئەویش بەبەکارهێنانی پەیوەندیەکان لەدژی یەکتر. ئەوەش ئەوەبوو کە لەسایەی ناکۆکی هێزە ناسیۆنالیستەکان و شەڕی ناوخۆی ئەوەدەکان بەزەقی ڕوێدا. لەپاڵ ئەمەدا هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سەقفە لەچاوەڕوانی کە دەشێ لەعێراقی نوێدا کورد لەئەمریکای هەبێت تاکو نێستاش بەشێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری پێشبینی و بۆچوونەکان وەك خۆیان هاتوونەتەدی و نێستاش مەسەلەی کەرکوك ناونیشانێکی تری پشت ڕاستکردنەوەی بەشێ لەو بۆچوونانەیە.

فەسڵی سێهەمیش هەوڵدانێکە بۆتێگەیشتن لەناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی لەسایەی دۆخی جیهانگیری و پەیوەندیان بەهەندێ چەمکی تری وەکو ڕۆشنگەری، عەقڵانیەت، دیموکراسی، ئەم فەسڵە کە لەدووتوێی چارچێکەوتێکدا خراوەتەڕوو، سروشتی پەیوەندی نێوان چەمکی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی لێکدەداتەوە، هەروەها وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار دەداتەوە لەوانەش ئایە دەکرێت لەسایەی پێوەرو جەبرەکانی جیهانگیری باس لە ناسیۆنالیزم بکەین؟ ئەگەر دەکرێت چۆن و ئەو گۆڕانانە چێن دەشێت بەسەر ئەم چەمکەدابێت؟ ئەگەر ناسیۆنالیزم لەڕووی میژوویی و زەمەنییەوە لەچاخی ڕۆشنگەریدا سەری هەڵدابێت، ئایا دەکرێت ناسیۆنالیزمێکی وەکو ناسیۆنالیزمی کوردی کە کۆمەڵگای کوردی بەقۆناغی ڕۆشنگەریی بەناوەڕۆکەئەوروپییەکەی نەڕۆیشتووە، چۆن ناوەڕۆك پەیدا دەکات؟ شوێنی عەقڵانیەت لەدیدی ناسیۆنالیستانەو پەرنسیپی ناسیۆنالیزمدا لەکوێدایە؟ ئایا ئاین و ناسیۆنالیزم لەکوێدا یەکدەگرنەوەو لەکوێشدا لەیەك دادەبڕێن؟ سۆشیالیزم و ناسیۆنالیزم لە چ پەیوەندیەکی ناوەکیدان لەگەڵ یەکدا؟

فەسڵی چوارەمیش خوێندنەوەی هەندێ پرسی تایبەت بەناسیۆنالیزم و کۆمەڵگای کوردییە، کە ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی لەڕوودان و شکڵ پێدانیاندا گێڕاوە. سەرەتا ناماژە

Preview sample - page 7 of 11 - Soran University Academic Digital Library

بەشوێنی ئەنفال کراوە لە ناپدۆلۆژیای ترسناک و هەمەلایەنەی بەعسیزمدا. ئەم بابەتە هەوڵدانێکە بۆ تێگەیشتن لە شالاوەکانی ئەنفال و ناوهێنانی هەڵمەتەکان لەڕێی شیکردنەوەو تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی و وێناکردنی بەعسیزم. بابەتی دووەمیش خستنەڕووی چەند دیمەنێکی تراژیدیای نوێی کوردو ناسیۆنالیزمەکەیەتی کە لەسایەی مۆدێرنەی سیاسی و عەلمانیەتی بەناپدۆلۆژیاکراوی ناوچەکەو ناعەدالەتی دەسەلاتە عەلمانیە جیهانییەکاندا تووشی هاتووە. هەڵبەت ناپێت خوێنەر پییوابێت ئەم بابەتە لەدیدی ئیسلامیەکی تەقلیدییەوە نوسراوە بۆ تاوانبارکردنی تەوژمی عەلمانی لە کوردستاندا بەڕەفتاری دەسەلاتە عەلمانیە دواکەوتووەکانی ناوچەکە کە بەشێکیان کوردیان چەوساندۆتەوە لەگەڵ سیاسەتی نادادپەروەرانەی نەزموونە عەلمانیە دێرینەکانی خۆرئاوا بەرامبەر بەکورد لە (١٠٠)ساڵی ڕابردوودا، چونکە دیدێکی لەوجۆرە واتە یەکتر تاوانبارکردنی شەپۆلەکان بەڕەفتاری هاوبیرەکانیان لەناوچەکەو جیهاندا ناڕاست و لەناوەڕۆکیشدا دژی سەرەتاکانی ناسیۆنالیزمە. ئەوەی نوسەر لەم بابەتەدا مەبەستیەتی ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە، هەوڵدانە بۆ تێکوشاندنەوەی پەیوەندییەکی نۆرگانیی ناڕاست کە بۆ پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی هەقخوازانەی کوردو عەلمانیەت دەخرێتەڕوو. لەبابەتی هەڵەبجە لەدۆزەخی ناپدۆلۆژیاشدا مەرگەساتەکانی شاری هەڵەبجە لەسایەی بەعس و جەولەکانی شەڕی ناوخۆ لەدوای ڕاپەڕین وەک ڕووکارێک وەرگیرا کە تاوانەکانی بەعسیزم و خراپەکارییەکانی ناپدۆلۆژیا عەلمانی و ئیسلامیە ڕادیکاڵیە ناوخۆییەکە لەبڕگەیەکی مێژوویدا بەرجەستە دەکات و هەموو ئەم مەسەلانەش دەبەستێتەوە بەسروشتی ناسیۆنالیزمی کوردی و تواناکانی.

فەسڵی پێنجەمی کتێبەکە هەوڵێکی تر بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی و پێگەی ئیسلامییەکانی کوردستان لەناو ئەو ناسیۆنالیزمەدا. لەم فەسڵەدا نوسەر ئەوەی خستۆتەڕوو کە ئیسلام لەسەرتاکانی خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەبڵاوکردنەوەی بەهاکانیدا. لە چەکانیشەوە کاتێک لەبەر چەندەها هۆ ئیسلام نەو ڕۆڵەی سەرەتای

Preview sample - page 8 of 11 - Soran University Academic Digital Library

نامێنی بەڵام لەناستیتردا وەك پشكۆی ژێر ژیلەمۆ دەمێنێتەوە. بەگشتیش ئیسلام لەمێژووی بزاڤی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستاندا نەبۆتە ڕێگرو ئیشکالیەتێك بۆ ئەم بزاڤەو ناسیۆنالیزمی کوردی. ئیسلامییەکانی کوردستانیش جگە لەدەستەیەکی بچووکی پەڕگیر بەگشتی (تبنی) دروشمە ناسیۆنالیستەکانی قۆناغەکەیان کردووە. لەبابەتێکی تەواو گەرمیشدا نوسەر مەسەلەی (ئیسلامی)بوونی کێشەی کوردی لێکداوەتەوەو ئەمەش جیادەکاتەوە لە (ئاینی)بوونی کێشەی کوردو دەیکات بەدەربڕینێکی تر بۆ ناوەڕۆکی بەسروشتی حاڵ نەتەوەییانەی کێشەی کورد.

فەسلی شەشەمیش بەگشتی دەتوانین بڵێین تەرح کردنی ڕێگای سێیەمە لەنێوان مۆدێلی عەلمانیەت و ئیسلامی بوونی زاڵ و باوی (٥٠) ساڵی ڕابردووی ناوچەکە، کە بەکردەوە هەردووکیان نەیانتوانیوە ئاوات و خواستی گەلانی ناوچەکە بێننەدی و دەبێت گەلی ئێمەو تەوژمە سیاسی و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی سوود لەو مێژووە وەربگرن و هەمان ئەزموون دووبارە نەکەنەوە. بابەتەکانی ئەم فەسڵە بەگشتی بانگەشەیەکە بۆ پاراستنی یەکێەتی ناوخۆیی کۆمەڵگا لەڕێی چوونەناو پەیوەندیەکی نوێی بەیەکەوە ژیان و ڕێزگرتن لەتایبەتمەندییەکانی یەکترو نەگۆڕەکانی کۆمەڵگاو وازهێنان لەخەونی حوکمکردنی نایدۆلۆژیاکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی مەدەنی لەدوتوێی دەستوورێکی هاوچەرخدا کە مافی هەموان بپارێزێ و زەمینەی گەشەکردنی سیاسی و نابووری و کۆمەڵایەتیش سازبکات.

فەسلی حەوتەم و نەو بابەتانەی لەخۆیگرتووە هەوڵێکی نوسەرە بۆ تێگەیشتنی لەواتایەکی نوێی چەمکی نیشتمانپەروەری لەسایەی نەو گۆڕانکاریانەی لەسەر زەوی و بەسەر پێوەرەکانیشدا هاتووەو گەشەکردنی کۆمەڵگاو ناسیۆنالیزمی کوردیش دەیخوازێت. هەروەها سەرنج ڕاکێشانی ناوەندی نەکادیمی کوردی و سەرکردایەتی بزوتنەوە ناسیۆنالیستە کوردییەکەشە بۆ بنیاتنانی دیدێکی تر بۆکەسێتی نێودەوڵەتی کوردی وەك قۆناغێکی ڕاگوزەری و زەمینەخۆشکەر بۆ گەیشتن بە بەدەستهێنانی مەرجەکانی بوون بەکەسێتی نێودەوڵەتی بەوجۆرەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای دەکات، کە نەویش

Preview sample - page 9 of 11 - Soran University Academic Digital Library

لەبوونی دەوڵەتی کوردیدا بەرجەستە دەبێت. دوو کورتە بابەتیش تایبەتن بە تیۆرانینی نوسەر بۆ مەسەلەی ڕیفراندۆم و بۆرتنەوەی ڕیفراندۆم (ڕاپرسی) لەکوردستاندا کەماوەیەکی زۆر ئەندامی لیژنەی بالآو نێستاش ئەندامی ئەنجومەنی گشتی نەو ڕێکخراوەیە. نوسەر لەو دوو بابەتەدا کاراکردنی ویستی هاوڵاتی و قسەکردن لەسەر چارەنووسی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەخاتەڕوو، هەروەها ناماژە بەوەدەکات کە ئەوەی ئەمڕۆ بیۆکەیەو هۆشیاریە دەکرێت لە وەرچەرخانێکدا ببینتە واقیع و ئەوەی نێستاش بینتە پێشنیارێك و سەرەتایەکی بەبایەخ لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەك کە بۆرتنەوەکە هەیبووەو چالاکەکانی ناویشی لێی بێناگانەبوون.

فەسڵی هەشتەم دووبابەت لەخۆدەگرێت یەکێکیان پڕۆژەیەکە کە کاتی خۆی نوسەر پێشکەشی بەناوەندەکانی دەسەڵاتی لەکوردستاندا کردووە وەك بەشداربیەك لەخەباتی هەمەلایەنە بۆگێڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان. بابەتی دووەمیش هەوڵدانە بۆتێگەیاندی ئەمریکییەکان و عەقڵی ئەمریکی کە جەوهەری کێشەی کەرکوك لەڕووە ئەتەوەییەکەیدا شاراوەتەوەو چارەسەرکردن بۆ پرسی ئەم شارە کاتێ واتای هەیە ببینتەهۆی چارەسەری کێشەی ئەتەوەی کورد لە عێراقدا گەرچی لەفۆرمی فیدرالیەتیشدابێت.

بەگشتی ئەمە ئەو فەسڵ و بابەتانەن لاپەڕەکانی ئەم ئەڵقە پێکدەهێنن کە دەتوانین بەچەند هێڵێکی گشتی بەیەکیانەوە ببەستینەوەو بەهەوڵێکی نوسەریان دابنێین بۆ قسەکردن لەسەر ڕێبازو نمونەی سێیەم. ڕێبازێك کە لەسایەدا ململانێی نایدۆلۆژیاکان لەپێکدادان دوورخرابنەوەو هیچ نایدۆلۆژیایەکیش تەماحی هەژموون و وەڵانانی نەویدی نایدۆلۆژی و فکری سیاسی نەبێت. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا تێگەیشتنێکیش بۆ ناسیۆنالیزم لەئێستای جیهان و کوردستاندا دەخاتەڕوو، کە دەبێت خۆی تازەبکاتەوەو بتوانێت جیاوازیەکانی کۆمەڵگا لەخۆبگرێت و بەکورتی نەو مۆدیلەبێت لەناسیۆنالیزم کە تەماحی ئەوەی نیە ببێت بە نایدۆلۆژیا بەڵکو وەك سەرەتای سیاسی دەمێنێتەوەو رشێگاش نادات نایدۆلۆژیایەك لەبەرگی نەودا شەڕی نایدۆلۆژیاکانیتر بکات و دەشبێتە چوارچێوەیەك بۆ خەملینی دیموکراسی و

Preview sample - page 10 of 11 - Soran University Academic Digital Library

بەیەکەوە ژیان. بەو هیوایەی نەم نەڵقەش بەشداریەکی تری نوسەربێت بۆ خستنەڕووی دیدێکی ڕۆشنتر لەمەڕ ئێستای ناسیۆنالیزمی کوردی و کۆمەڵگەی کوردستان و گەشەکردنی سیاسی و نابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا و قوڵکردنەوەی گیانی هاوچارەنووسی و هاوکاری و بەیەکەوە ژیانی ناشتیخوازانەی نێوان پێکهاتەو تەوژم و هێزەکانی گەلی کوردستان.

نوسەر

٢٠٠٨/٥/٢٨

هەولێر

Preview sample - page 11 of 11 - Soran University Academic Digital Library